

# مۆنیتۆری لەمسی فلیپس به تایبەتمەندی بەهێز

کۆمپانیای فلیپس لەم ماوەیەدا نوێترین مۆنیتۆری خۆی بەناوی 222B9T خستەڕوو، مۆنیتۆرەکە لە تایبەتمەندی SmoothTouch وەردەگرێ و لە راستیدا بۆ مۆنیتۆرێکی هەمەکارەیە و بۆ چەندین ئەرك سوودی لێدەبیندرێ. تایبەتمەندییە گرنگەکانی وەك بوونی قەڵەمێکی بەهێز بۆ کاری گرافیك، دژە تەڕبوون و دژە بەرکەوتن بەشێکن لە تایبەتمەندییەکان. سیستەمی لەمسی ١٠ پەنجە لەیەك کاتدایە، واتە بەکارهێنەر دەکرێت کیبۆردێکی مەجازی بە دە پەنجە لە شاشەکەدا بەکار بێنێ.

شاشەی ئاماژە بۆ کراو دیزاینی smartStandی هەیە و بەشێوەی پیتی Zە. ئەم تایبەتمەندییە وا دەکاتت بەکارهێنەر شاشەکە بۆ سەرێ و خوارێ بجوڵێنێ و شوێنی گونجاوی بۆ دابنێ.

## پرێنتەرێک بەقەد لەپی دەست



پرینتەر ئامێری تایبەت بە چاپکردن و هێنانە داتای سەر شاشە بۆ سەر کاغەزە. پرینتەرەکان بەگشتی دەبێت لانی کەم بەقەد لاپەڕەیەکی A4 بن، بەڵام لەم چەند ساڵەدا پرینتەری بچووك بەقەد مۆبایلێکیش بەرهەم هاتوون، جۆرێکی پرینتەر کە بەسەر هەر کاغەزێکی دابێنی چاپی دەکات.

پرێنتەری بچووکی دەستی لە جۆری Ricoh handy نە تەنیا بەسەر کاغەز بەڵکو بەسەر هەر پارچەیەکی تەختی دابێنی داتا و وێنەی سەر مۆبایل یا کۆمپیوتەر چاپ دەکات، بۆ نموونە حەز دەکەی وێنەیەك لەسەر پارچەیەك چاپ بکەی، وێنەکە لە مۆبایلدا ئامادە دەکەی و بە سیستەمی وایەرلەیس بۆ پرینتەری ناوبراوی دەنێری و بەکارهێنەریش پرینتەرەکەی بەدەستەوە دەگرێ و بەسەر هەرچی دایبنێ چاپ دەبێت.

کێشی پرینتەرەکە ٣١٥ گرامە و بە ئاسانی هەڵدەگیردرێت و بە ئاسانیش بەسەر کاغەز، پۆستەر، زەریف، جلوبەرگ، پێڵاو و ...تاد دابێندرێ. حیبری پرینتەرەکە بە ئاو تێکناچێت و خێرا وشك دەبێتەوە و بۆیە لەکاتی شوردنیشدا کێشەی بۆ نایەتە پێش.




# دەنگێکی بەهێز و زوڵاڵ لە ساوەندبارەکان

بەر لەهەموو شتێك رەنگە پرسیارێك بێتە پێش کە باشە ئەمجارەیان ساوەندبار (sound bar) چ شتێکە هاتۆتە گۆڕێ و ئەرك و کاری چییە؟ ساوەندبار هەمان کاری بڵندگۆ واتە سپیکەر ئەنجام دەدات، بەڵام دیزاین و شێوازەکەی جیاوازە.

ساوەندبار وەك لاکێشەیەکی بچووك و درێژ، لە ژێر تەلەڤزیۆنەکان دادەندرێ و دەنگی تەلەڤزیۆنەکە بەجۆرێك رێك دەخات وەك ئەوەوابێ کە ئەوانەی لە تەلەڤزیۆن نیشان دەدرێن لە پەنای تۆ قسە بکەن.

کۆمپانیای LG لە پێشانگای ساڵانەی InnoFest رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقا، نوێترین ساوەندباری خستەڕوو. ساوەندباری جۆری SL10YG کە نوێترین سیستەمی دەنگی تێدایە، بە جۆرێك لەگەڵ تەلەڤزیۆن هەماهەنگ دەبێ کە وەك ئەوە وابێ بەشێك بێ لە تەلەڤزیۆنەکە.

ساوەندباری ئاماژە بۆکراو لەگەڵ سیستەمی دەنگی گوگل دەگونجێت و فەرمانەکان بە دەنگ ئەنجام دەدات.

ساوەندبارەکە لەگەڵ گشت ئامێرەکانی دیکەی وەك مۆبایل و تەبلێت و کۆمپیوتەر دەگونجێت و بەبێ وایەر دەکرێت فایلە دەنگییەکان بۆ سەر ساوەندبارەکە بەرێ بکرێن.



# دوو سپیکەری بلوتوسی بۆ مۆبایل

بەهاران و وەرزی گەشت و سەیرانە، لەم گەشتانەشدا بێگومان گۆرانی و مۆسیقا گەشتەکە خۆشتر و چێژێکی زیاتر دەبەخشن، بەڵام خۆ ئەو گۆرانیانەی سەر مۆبایل بەو بڵندگۆ بچووکەی هەیانە ناتوانرێت هەموولایەك سوودی لێوەرگرن، ناکرێت لە شاییەکی سەیراندا هەموو بە دەنگی گۆرانییەکی مۆبایل هەڵپەڕن و شایی بکەن.

سپیکەری بلوتوسی کە هەم هەڵگرتنی ئاسانە و هەم بێ گرفت بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێت ئامێرێکی پێویستی گەشتەکانە.

سپیکەرە بلوتوسییەکان هەرکام تایبەتمەندی خۆیان هەیە، هەندێك بۆ قەراخ رووبارەکان و هەندێکیش بۆ ژوورەکانی نووستن و هەندێکیش بۆ سەیران و گەشتەکان دەگونجێن. لێرەدا دوو بڵندگۆی بلوتوسیتان پێدەناسێنین کە بۆ هەموو قۆناغێك دەگونجێن:

سپیکەری جۆری ANKER SOUNDCORE 2: ئەم سپیکەرە نرخەکەی هەرزانە و دەنگێکی باشیشی هەیە، مایکرۆفۆنی ناوخۆی هەیە و کوالیتی بەرزە. رۆیشتنی دەنگی ٢٠ مەتر زیاترە، باترییەکەی هەتا شەو و رۆژێك دانابەزێت.

سپیکەری بلوتوسی DOSS TOUCH: بڵندگۆیەکە دیزاینێکی جوانی هەیە و شاشەیەکی لەمسی هەیە، خۆی پێکهاتووە لە دوو بڵندگۆ بۆ ئەوەی کە بۆ هەردوو گوێی چەپ و راست هاوسەنگی رابگرن، مایکێکی ناوخۆی هەیە، دوای شەحنکردنەوە دەکرێت ١٢ کاتژمێر بێ برانەوە سوودی لێوەربگری، جگە لەوەی کە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ، خۆی میمۆری کارتیش دەخوێنێتەوە و دەکرێ فایلی گۆرانییەکان لەوێ وەربگرێت. سپیکەرەکە بۆ کەش و هەوای باران و قەراخ رووبارەکان زۆر گونجاوە چونکە بە تەڕبوون تێکناچێت.






# تەکنەلۆژی ئینتەرنێتی خێرا له نوێترین مۆبایلدا





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، چۆن بتوانم بەشێك لە فایل و فۆڵدەرەکانی نـاو کۆمپیوتەرەکـەم بشـارمەوە بـە جۆرێـك کـەس نەتوانـێ بیدۆزێتـەوە؟

خوێنـەری بەڕێـز بەمەبەسـتی شـاردنەوەی فـایل و فۆڵـدەرەکان پرۆگرامـی تایبـەت هـەن یەکێك لـەو پرۆگرامانە Lock & Hide Folder، بـەم پرۆگرامـە بـە ئاسانی دەتوانـی فایـل و فۆڵدەرێـك بشـاریەوە یـان کـۆدی لەسـەر دابنێـی، بـەڵام لـە خودی ویندۆزیشـدا ئەم کارە بە ئاسانی دەکرێت، سـەرەتا ئەو فایلەی مەبەسـتە کلیك راسـتی لەسـەر بکـە و فەرمانی properties هەڵبژێـرە، دوای ئـەوە لەسـەر hidden کلیك بکـە. ئیدی لە وینـدۆز ١٠دا پێت دەڵێت دەتهەوێ هەر بزر بێت و نەبیندرێ، یان نیوە کاڵ بێت، تـۆ بە ویسـتی خـۆت هەڵیدەبژێری. بۆ هێنانەوەشی دەچی سـەر بەشی view و لەوێدا فەرمانی show hidden هەڵبژێرە و دەردەکوێتەوە.

## پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی ماڵپەڕ

بـۆ دروسـتکردنی ماڵپـەڕ واتـە سـایت پێویسـتی بەزانیـاری و شـارەزایی تایبـەت هەیـە، ئەو کەسـەی ماڵپەڕ دروست دەکات دەبێ شارەزا بێت بەسەر پرۆگرام نووسی بە لایەنی کەم یەکێك لەو پرۆگرامانە (PHP, HTMP, Java). ئەگەر کەسێکی شارەزا نەبێت و تازە بیهـەوێ سـایت بۆخـۆی دروست بـکا، تووشی کێشە دەبێت و سەرکەوتوو نابێت، بەڵام بۆ ئەوانەی تازە دەیانەوێ بێنە ئەو بـوارەوە، پرۆگرام هەیە کـە بەکارهێنانی زۆر ئاسـانە و دروسـتکردنی سـایت بەو پرۆگرامانە کـورد گوتەنـی وەك ئـاو خواردنەوەیـە.. یەکێـك لـەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی WYSIWYG Web Builder ە، بەهـۆی ئەو پرۆگرامەوە بەبێ ئەوەی شارەزای پرۆگرامنووسی دیزاینی سایت بـی، دەتوانـی باشـترین سـایت بۆخـۆت دروست بکـەی. جا چ ماڵپەڕێکی تاکەکەسـی بـێ و سـادە بێـت، یـان ماڵپەڕێکی بزنس و ئیـداری.. چوارچێـوەی و فریمـەکان لـەو سـایتەدا ئامادەن، تەنیا دەستکارییان دەکەی. مینۆ و دوگمەکان بەپێی ویسـتی تۆ دادەنرێن. دەکرێت گەلەری وێنەش داینێی.



لە پیشانگای ساڵانەی تایبەت بە مۆبایلدا، کۆمپانیای LG نوێترین مۆبایلی خۆی کە پشتیوانی لە سیستەمی خێرای ئینتەرنێت واتە 5G دەکات، مۆبایلی جۆری V50ThinQ و هەروەها مۆبایلی جۆری G8ThinQ لەو سیستەمە پێشکەوتووەیان لەسەرەو بۆ یەکەمجاریش سیستەمی ئەمنیەتی بایومەتری لەسەر مۆبایل دادەندرێ.

سیستەمی خێرای ئینتەرنێت 5G خێرایی ئینتەرنێتەکەی ٢٠ بەرابەر خێراترە لە سیستەمی 4G.

شاشەی V50ThinQ قەوارەکەی ٦,٤ە. کوالیتی نیشاندانی QHD+OLED fullvesionە. بۆیە سەیرکردنی ڤیدیۆ و یاری کردن لەم مۆبایلەدا زۆر سەرنج راکێشە و گرنگی خۆی هەیە.

سیستەمی دەنگی لەسەر سیستەمی ستریۆیە دەکرێ بە هیدفۆن و بەبێ هیدفۆن چێژی لێوەربگری. کامێرایەکی بەهێزی هەیە، وێنەی زۆر کوالیتی بەرز و فیلمی بەهێز دەگرێت. کاتێک سەیری ڤیدیۆکان دەکەی وەك ئەوە وایە لە شوێنەکە بی.

باترییەکی زۆر بەهێزی هەیە، بارستاییەکەی تەنیا ٨,٣ ملمە و کێشەکەی ١٨٣ گرامە. لەگەڵ ستاندەرەکانی تایبەت بە پتەوی یەك دەگرێتەوە. جگە لە شاشەکەی خۆی، شاشەیەکی لاوەکی وەك کەڤەر هەیە. شاشە لاوەکییەکە بەقەد شاشەی مۆبایلەکەیە، بە بوونی دوو شاشە دەکرێت چەندین کار پێکەوە ئەنجام بدەی، شاشەکە دەکرێت بەشێوەی سەربەخۆش سوودی لێوەربگری و دەگرێت لەگەڵ شاشە ئەسڵیەکەش بیکەوە بە یەك شاشە، بۆ نموونە حەز دەکەی فیلمێکی ڤیدیۆیی لە شاشەیەکی گەورەتردا ببینی. هەروەها دەکرێت ببێت بە چوار بەش و واتە چوار پرۆگرام پێکەوە بکەیەوە، دەکرێت شاشەی لاوەکی وەك کیبۆرد و دەسکی گەیمیش دابندرێت.



# شیائومی وەرگێڕێکی کتێب بەرهەم دێنێ

لەم سەردەمەدا بۆ کاری وەرگێڕان لە نێوان دوو زماندا جگە لەوەی ئامرازێکی زۆری فێربوونی زمان هەیە وەك، بەشداری کردن لە خول و وێب سایتەکانی فێرکاری و سەدان پرۆگرام و ئەپلکەیشن، ئامێری سەربەخۆی تایبەت بەوەرگێڕانیش بەرهەم هاتوون کە دەکرێت لە گەشتەکاندا بە باشی سوودی لێببینن و ئەگەر زمانی ئەو شوێنەی بۆی دەچێ نەزانی ئاسانکاریت بۆ دەکات.

شیائومی لەم ماوەیەدا وەرگێڕی زیرەکی خۆی خستەڕوو کە تواناکانی جێگای سەرنجن، یەکەم وەرگێڕی کتێبیشە کە کتێبێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە وەردەگێڕێ. وەرگێڕەکە لە ئاوێنەیەکی کامێرا پێکهاتووە و راستەوخۆ سەرنج دەداتە سەر دەقە نووسراوەکە و پاشان بۆ وەرگێڕە ئۆنلاینەکانی بەڕێ دەکات و لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا بە زمانی مەبەستی وەردەگێڕێ. کێشی وەرگێڕەکە ١٩٠ گرامە. هەروەك ئاماژە پێدرا ئاوێنەیەکی ١٣ میگاپیکسلی سۆنی لەسەرە، بۆ وەرگێڕانی دەقە نووسراوەکان دەبێ کتێبەکەی لەبەرامبەری رابگری و پاشان وەریدەگێڕێ. وەرگێڕەکە گشت بابەتە زانستییەکان و چیرۆکی تایبەت بە منداڵان وەردەگێڕێ. کاتێك بابەتەکەی وەرگێڕا، بەکارهێنەر لەسەر کتێبەکە دەست لەسەر هەر رستەیەك دابنێ وەرگێڕانی ئەم رستەیەی پێدەڵێ، ئەمە بۆ راهێنانی منداڵان بە زمانێکی دیکە سوودی زۆرە.



## ماڵپەڕێک بۆ وەرگرتنی چوارچێوەی پاوەرپۆینت

پاوەرپۆینت پرۆگرامێکە لە زنجیرە پرۆگرامەکانی ئۆفیسی مایکرۆسۆفت و بۆ کاروباری سیمینار و شیکردنەوەی وانە و کاری زانستی و ئینفۆگرافیك و داتا و ئامار و...تاد. لە ریزی پرۆگرامە سەرکەوتووەکان دێت و باوترین پرۆگرامی ئەم بوارەشە.

لە پاوەرپوینتدا ئەگەر هەندێك شارەزاییت هەبێ دەتوانی جوانترین چوارچێوە و فرێم و چارت دروست بکەی.. بەڵام ئەگەر بتەوێ زۆر خۆت ماندوو نەکەی و چوارچێوەی ئامادەکراو بەکار بێنی، ئەوە سەر لە سایتی slidegeeks.com/free-downloads بدە، ماڵپەڕێك بۆ وەرگرتنی هەزاران پەڕگەی تایبەت بە هەر بوارێك مەبەستت بێت. بەشێك لەو چوارچێوە و لاپەڕە ئامادەکراوانە بە خۆڕایی نین و بەڵام نزیکەی هەزار لاپەڕەی ئامادەکراوی بێ بەرامبەری تێدایە.. بۆ وەرگرتنی ئەو لاپەڕە لە پێشدا ئامادەکراوانە، سەرەتا دەچیە سایتەکە و هەژمارێك دەکەیەوە و دواتر بێ گرفت ئەوەی مەبەستت بێ دایدەبەزێنی.